## حوكمی نوێژنەكەر(حكم تارك الصلاة)

**بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه، وبعد:**

**د.سیروان كەركوكی**

ئاشكرایە **نوێژ** دووەم بنەمای ئایینی پیرۆزی ئیسلامە لە دوای گەواهی وشایەتی دان بەوەی **كە هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت بە هەق تەنها زاتی(اللّهI) نەبێت، (محمد)یشﷺ نێردراوی خودایە**ﷻ، لە مەككە لە 27 ڕەجەب پێش هیجرەتی پێغەمبەر□بە 18 مانگ فەرز بووە[1].

تێكرا فوقەهاو زانایانی ڕێبازە فیقهییەكان هاوڕاو كۆدەنگن لەسەر ئەوەی **هەر كەسێك بڕوای نەبێت بە فەرزبوونی نوێژو ئینكاری واجب بوونی بكات كافرە، بەپێی شەرع**[2].

ئەو جۆرە كەسانە كۆمەڵە حوكمێك دەیانگرێتەوە لەوانە:

**یەكەم** : ژنیان لێ مارە ناكرێت، وە ئەگەر ڕەگەزی مێینەش بن نابێت پیاوی موسڵمان مارەیان بكات، سەرنج بدەن پەروەردگار سەبارەت بە زەواجی ئەوانەی بێباوەڕن چی دەفەرمووێت:﴿ **وَلَا تَنْكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ ..**﴾[3].

واتە: ئەو ئافرەتانەی بێباوەڕن مارەیان مەكەن هەتا باوەڕ دەهێنن و موسڵمان دەبن، بە پێچەوانەشەوە مارەی ژن مەبڕن لەو پیاوانەی بێباوەڕن هەتا ئەو كاتەی دێنە نێو بازنەی ئیسلامەوە،﴿**وَلَا تُنْكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُوا....**﴾[4].

**دووەم:** هەر كاتێك مردن، نە دەشۆرێن، نەكفن دەكرێن وە نوێژیش لەسەریان ناكرێت وە لە گۆڕستانی موسڵمانانیش نابێت بنێژرێن.

**سێهەم:** ئەگەر زیندوو بن میرات ناگرن لە كەس و كاری موسڵمانیان چونكی ئەوان بێباوەڕو كافرن، هەركاتێكیش مردن كەس میراتیان لێناگرێت.

☜هەندێك لەفوقەهاو زانایان دەڵێن: **ئەگەر هاتوو كەسێك بڕوای بە فەرزبوونی نوێژ هەبوو، بەڵام لەبەر تەمەڵی و كەمی دینداری نەی دەكرد، بێگومان ئەوە پێی كافر نابێت** بەڵكو تەنها ئەوە تاوان و گوناهی گەورەی ئەنجام داوە، (فاسق)ەو یاخیبووە لەو ئەرك فەرمانەی كە پەروەردگار لێی داواكردووە بەجێی بگەیەنێت، تەنانەت **(أبوحنیفة)وهاوەڵانی** لەسەر ئەوەن كە ئەوەی نوێژ ناكات و تەركی دەكات،

---

[1]- كتێبی(مواهب الجليل لشرح مختصر خليل/للحطاب الرعيني:7/2، و رد المحتار على در المختار شرح تنوير الأبصار:4/2).

[2] - كتێبی(بداية المجتهد ونهاية المقتصد:178/1 المسألة الرابعة، و مواهب الجليل لمختصر خليل للحطاب المرعينى:67/2، والمغني لابن قدامة:180/3 مسألة329، و مغني المحتاج الخطيب الشربيني:590/1، الفقه وأدلته للزحيلي:658/1).

[3] - سورة البقرة الآية :221.

[4] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

نەکافر دەبێت وە نەدەکوژرێت، بەڵام سزا دەدرێت، زیندانی دەکرێ و لێشی دەدرێت لەسەر نەکردنی نوێژ[5].

☜هەروەها هەندێکی تر لە فوقەهازانایان لەوانە: (**إبراهيم النخعي وابن المبارك وأحمد بن حنبل واسحاق بن راهوية** دەڵێن: (**إلى أَنَّ تارِكَ الصَّلاةِ عَمْداً مِنْ غَيْرِ عُذْرٍ حتى يَخْرُجَ وَقْتها كافِر)**[6].

واتە: هەرکەسێك بەبێ پاساوێکی شەرعی نوێژی تەرك کرد، تا بەسەرچوونی کاتی دیاریکراوی نوێژەکە، ئەوا کافر دەبێت، بەڵام بەپێ تێگەیشتنی پێچەوانە (مفهوم المخالفة) ئەگەر کەسێك بە عەمدی **نوێژەکەی تەرك نەکرد** بوو، هەروەها پاساوی شەرعی هەبوو، **بێگومان ئەوکەسە کافر نابێت**.

☜**(مَفْهومِ المُخالفةِ مَعَ مَنْطُوقِ النَّصِ، حُکْمانِ مُتَضادّانِ لا يَجْتَمِعان تَحْتَ نَوعٍ وَاحِدٍ مِنْ أنواعِ الحكم الشرعي التكليفي أو الوضعي، فإذا كان أَحَدُهُما جَوازاً فَالآخَرُ يَكُونُ حَظْراً, وإنْ كانَ أَحَدُهُما صِحةً فَالآخَرُ يَكونُ بُطْلاناً)**[7].

واتە: تێگەیشتنی پێچەوانە لەگەڵ دەربڕدراوی دەق, دوو حوکمی دژ یەکن و لەژێر یەك جۆری حوکمە شەرعییە ئەرکبارییە، یان دانراو یەکان کۆ نابنەوە، ئەگەر یەکیان جائیزبوون بێت, ئەوا ئەوی دیکەیان قەدەغەکردنە، ئەگەر یەکیان درووستی بێت ئەوی دیکە بەتاڵییە.

ئاشکرایە لای هەمووان شەرع فەرمان پێکردنە بەشتە چاکەکان و ڕێگرییە لە خراپەکاری، بەو پێیە بێت ئەوەی کردەوەیەکی قەدەغەکراوی ئەنجامدا و دەیزانی حەرامە، ئەوە کەسێکی یاخیبووە، بەڵام بە ئەنجامدانی ئەو کردەوەیە کافر نابێت، **ئەگەر بەهەمان پێوەری پێشوو بێت ئەوا کافر نابێت بە نەکردنی ئەوەی فەرمانی پێکراوە لەکاتێکدا باوەڕی تەواوی بە واجبوونیەتی، ئەگەر بێتو کافر بێت بە تەرك کردنی ئەوا بەپێچەوانەوە بەکردنی موسڵمانە**[8].

لەڕاستیدا فوقەهاو زانایان **بوونەتە دوو بەشەوە سەبارەت بە بابەتی تەکفیرکردنی کەسی نوێژنەکەر**، ئەوەی زیاتر ئەو مشتومڕەی درووست کردووە وشەی (**کوفر**)ەکەیە لەو فەرموودەیەی کە وەك بەڵگە دەیهێننەوە بەتایبەت ئەو بەشەی کە **نوێژنەکەر بە کافر دەزانن**، فەرموودەی: (**بينَ الرجلِ وبينَ الشركِ والكفرِ تركُ الصلاةِ)**[9].

بێگومان بەبێ بوونی بەڵگە لەو پرسە هەستیارە ئەو دووبەشە لە زاناو فوقەهاکان لە خۆڕاوە بڕیار نادەن، سەبارەت بە تەکفیرکردنی **ئەو کەسانەی باوەڕیان بە واجب بوونی هەیەبەڵام کەم تەرخەم و تەمەڵن لە جێبەجێکردنی**، وە بە پێویستی نازانین ئەو بەڵگانە بخەینەڕوو ئەوەندەی گرنگە بەلامانەوە یەکخستنی

---

[5] - کتێبی(بداية المجتهد ونهاية المقتصد:178/1 المسألة الرابعة، و رد المحتار على در المختار شرح تنوير الأبصار:4/2، معالم السنن للإمام أبي سليمان الخطابي:314/4).
[6] - کتێبی(معالم السنن للإمام أبي سليمان الخطابي:314/4).
[7] - کتێبی(أصول الفقه في نسيجه الجديد/ أ.د مصطفى إبراهيم الزلمي:ص421).
[8] - کتێبی( الحاوي الكبير للماوردي:525/1).

[9] - کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:146/2رقم الحديث82 كتاب الإيمان- باب ما جاء في ترك الصلاة).

گوتارو ڕاوبۆچوونەکانە سەبارەت بەو بابەتە هەستیارەو ڕاگرتنی هاوسەنگییەکە لە نێوان هەردوولایان لە پێناو پاراستنی کۆمەڵگەی موسڵمانان لە فەوزای فەتواداان و تەکفیرکردن، چونکی یەکڕیزی موسڵمانان ئامانجێکی خوداییە، وە پێویستە ڕەچاوی ئەو خاڵە گرنگە بکرێت، لەلایەن ئەوانەی ئیمڕۆ ڕۆڵی فەتواداان وتاربێژی بانگخوازی دەبینن.

ئەوەی جێی دڵخۆشییە لەو پرسە هەستیارە، زاناو فوقەهاکان کۆ دەنگ نین سەبارەت بەو بابەتی تەکفیرکردنە، کە ئەوە خاڵێکی ئەرێنیە.

دیارە **ئەو کوفرەی** لە فەرموودەکەدا ئاماژەی پێکراوە، **هەندێك لەو زاناو فوقەهایانە** دەڵێن: **کوفری دەرچوون نیە لە بازنەی ئیسلام،** بەڵکو زیاتر بۆ چواندنی ڕەفتاری ئەوانەی نوێژ ناکەن یان تەرکی دەکەن، کە هاوشێوەی بێباوەڕانن لە تەرکی نوێژ ، **یان** جۆرە هەڕەشەیەکە **بۆ ئەوەی وازبهێنن لەو ڕەفتارو خەسڵەتە کە تەمەڵی و کەم تەرخەمییە لە بە جێگەیاندنی** نوێژ لەسات و کاتی دیاریکراوی خۆیدا[10].

لە شەرحی صەحیحی (ابن حبان) دا هاتووە سەبارەت بەو (کوفرە)ی لە فەرموودەکە ئاماژەی پێکراوە(**بينَ الرجلِ وبينَ الشركِ والكفرِ تركُ الصلاةِ**) ئەوە سەرەتایەکە بۆ کردنەوەی دەرگای (کوفر) بە ڕووی ئەوانەی کە باوەڕیان بە نوێژکردن هەیە، بەڵام لەبەر تەمەڵی و کەم تەرخەمییان بەجێی ناگەیەنن، چونکی پشتگوێ خستنی ئەو خوداپەرستییە گەورەو مەزنە کە نوێژە کۆڵەگەی ئیسلامە، هێدی هێدی سەر دەکێشێت بۆ تەرك کردن و وازلێهێنانی خوداپەرستییەکانی تر، هەروەها ئەو جۆرە کەسانە ڕادێن لەسەر ئەو سەرپێچی و یاخیبوون وئینکارکردن و باوەڕنەبوون، بەو فەرزانەی کەواجبن وەك، گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و زەکات دان و فەریزەی حەج کردن، کە لە دەرئەنجامدا هیچ فەرزێك لەوانەی واجبن جێبەجێ ناکات ودەکەوێتە نێو کوفرەوە[11].

کەوابوو: قسە لەسەر بە کافر بوونی ئەوانە نیە کە پێنج نوێژە فەرزەکە بە واجب نازانن، بەڵکو قسە لەسەر بە کافرکردنی ئەوانەیە باوەڕیان بە فەرزی نوێژ هەیە بەڵام لەبەر تەمەڵی و کەمتەرخەمییان بە جێی ناگەیەنن، ئا لێرەدا مشتومڕەکە درووست بووە بەشێك لە فوقەهاو زانایان دەقی فەرموودەکەیان وەرگرتووەو بە ڕەهایی وشەی (کوفر)یان لەسەر حەقیقەتەکەی وەرگرتووە، لە کاتێکدا بەشەکەی تر لە زاناو فوقەهاکان ئەو وشەی(کوفر)ەیان بەو شێوازە لێکداوەتەوە کە ئاماژەمان پێدا و باسمان لێوەکرد، کە دەرچوون نیە لە بازنەی ئیسلامەتی.

سەرنجتان بۆ فەرموودەیەك ڕادەکێشم کە بەرچاو ڕوونییەکی زیاتر دەبەخشێت بە خوێنەر، سەبارەت بە لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی فەرموودەی(**بينَ الرجلِ وبينَ الشركِ والكفرِ تركُ الصلاةِ**) بەتایبەت ئەو وشەی (کوفر)ەمان بۆ سنوور دار دەکات، تەماشا بکەن، پێغەمبەر□دەفەرمووێت: (**خَمسُ صَلَوَاتٍ كَتَبهنَّ اللهُ على**

---

[10] - کتێبی(بداية المجتهد ونهاية المقتصد:179/1، الحاوي الكبير للماوردي:525/1).
[11] - کتێبی(الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان/ الحافظ أبي حاتم ابن حبان السبتي:324/4 رقم 1463 كتاب الصلاة، باب- الوعد على ترك الصلاة).

**العبادِ، فمن جاء بهنَّ لم يُضَيِّعْ منهنَّ شَيئًا استِخفافًا بحَقِّهِنَّ، كان له عند الله عَهدٌ أن يُدخِلَه الجنَّةَ، ومن لم يأتِ بهنَّ فليس له عند اللهِ عَهدٌ؛ إن شاء عَذَّبه، وإن شاء أدخَلَه الجنَّةَ)**[12].

ئەو پێنج نوێژەی کە خوداﷻ فەرزی کردووە لە سەر بەندەکانی هەرکەسێك بە جوانی ڕێك و پێکی بە مەرجەکانیانەوە بەجێی گەیاندو پشتگوێی نەخست وە هیچی لێ نەفەوتاند، ئەوا بەدڵنییایەوە پەروەردگار پەیمانی داوە بیخاتە بەهەشتەوە، بەڵام ئەوەی ئەو نوێژانەی بە جێی نەگەیاند بێگومان هیچ بەڵێنێك لە نێوان ئەوو خودادا I نیە بۆ لێخۆشبوون وخستنە بەهشتیەوە، ئەو جۆرە کەسانە ئەگەر خودا I ئیرادەو ویستی لەسەر بوو سزایان دەدات لەسەر ئەو سەرپێچی ویاخیبوونەیان تۆڵەیان لێ دەسێنێت، وە ئەگەر وبیەوێت لێیان خۆش بێت ئەوان لێیان خۆش دەبێت و دەیانخاتە بەهەشتەوە.

ئەو فەرمـوودەیە بەڕاشـکاوی پێمـان دەڵێـت: ئەوانەی کەم تەرخەم و تەمەڵـن لە بەجێگەیانـدنی نـوێژە فەرزەکان دەکەونە **بەر مەشیئەتی پەروەردگارەوە** یان لێیان خۆش دەبێت وەیان سزایان دەدات، بەڵام ئەو بەڵێـنە نەدراوەتە کەسـی (کـافر) بە هـیچ جۆرێـك، ئەوەش سـەلمێنەری ئەوەیە بە تەرك کردنـی خوداپەرسـتییەك لەبەر تەمەڵـێ و کەم تەرخەمـی کـردن مرۆڤـی بـاوەڕدار نـابێتە (کـافر) وە لە بـازنەی ئیسلامیش دەرناچێت، وە بەڵگەیشە بۆ قورسیی حوکمدان بە کوفرو چوونە دۆزەخی نوێژنەکەر.

پێویستە لەسەر ئەوانەی لەم سەردەمەدا ڕۆڵی وتاربێژی و ئامۆژگاریکارو بانگخواز دەبینن، ئاگادار بن لە مەسەلەی تەکفیرکردن بەتایبەت لەو مەسەلانەی کە چەند ڕابۆچوونی جیاواز هەڵدەگرن نەبادا بە هەڵەدا بچن، چونکی حوکمدان بە کوفر زۆر قورسە بەسەر کەسێکدا کافر نەبێت.

☜**بێداری**

لە هەموو سەردەمێکدا نوێژنەکەر هەبووە لەگەڵ ئەوەشدا کە وەفاتیان کردووە، شۆرین و کفن و نوێژ لەسەرکردنیان بۆ کراوەو نێژراویشن لە گۆررستانی موسڵمانان و میراتیان لێ گیراوە، زۆر ئاسایی بووە هیچ مشتومڕێك ڕووی نەداوە لەو زەمانەدا لە نێوان زانـاو فوقەهاکانـدا سـەبارەت بەوەی کە نـوێژنەکەر کافرە، هەروەها نەوتراوەو نەبیستراوە نابێت ئەو مەراسیمانە بکرێت[13].

لە کاتێکدا(أنس بن مالك□) دەگێرێتەوە کە پێغەمبەر□فەرموویەتی: (**يَسِّرُوا ولا تُعَسِّرُوا، وبَشِّرُوا، ولا تُنَفِّرُوا)**[14].

بەکارهێنـانی شـێوازی نەرم ونیـانی و مـوژدە پێـدان و دڵخۆشـکردن و ئاسـانکردنەوەی ڕێنمـایی و ئامۆژگارییەکـان لە پێنـاو هانـدانی خەڵکـی بـۆ خـۆش ویسـتن و پابەنـدبوون بە خوداپەرسـتییەکان و بە جێگەیاندیان وەکو پێوست، فەرمانی پێغەمبەرە□ بۆ شوێنکەوتووانی لەپێناو گەیاندنی پەیامی پەروەردگار

---

[12] - کتێبی(سنن أبي دواد بشرح عون المعبود: رقم الحديث 1420 ص692كتاب الصلاة- باب فيمن لم يوتر، حديث صحيح).
[13] - کتێبی(المغني لابن قدامة:183/3 بەدەستکارییەوە).
[14]- کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:215/2رقم الحديث 69 كتاب العلم باب- ماكان النبي يتخولهم بالموعظة والعلم كي لا ينفروا).

بۆ جیهانیـان بە گشـتی وە بە تـایبەت بۆ موسڵمانان، وە هەروەهـا روونکـردنەوەی مەترسـی دەرهاویشـتە نەرێنییەکانی پشتگوێ خستن و کەم تەرخەمی کردن لە جێبەجێکردنـی خوداپەرستییەکان، **بۆ ئەو جۆرە کەسـانە گـرنگە تـاوەکو بە خۆیانـدا بچـنەوە پـێش ئەوەی کـار لەکـار بترازێـت، ئـا لەو سـاتەوەختەدا پەشیمانی هیچ کەڵك و سوودێکی پێنابەخشێت.**

لەڕاسـتیدا ئەو شـێوازی نەرم و نیـانە لە فەتـوادان و وتـارو ئامۆژگاریـدا مەبەسـت و ئامـانجی شـەریعەتی خودایەﷻ، نەك قورس کردنەوەی ڕێنماییەکان لەسـەر خەڵکـی بەجۆرێك نەتـوانن جێبەجێـی بکەن جـارێکی ئاماژەی پێدەکەینەوە، دەبێت موسڵمان ئاگادار بێت لە تەکفیرکردن وحوکمدان بە کوفر زۆر قورسە، بەسەر کەسێکدا کافر نەبێت[15].

**وەرگیراوە لە کتێبی(بەرامەی گوڵ لە زاری خۆشەویستەوە شەرحی چل حەدیسی ئیمامی نەوەوی: د سیروان ئەحمەد قادر).**

---

[15] - کتێبی(الداعیة الی الله مقوماته وصفاته/ نعیم یوسف:ص53 بتصرف).